# نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە

## "توێژینەوەیەکی شیکاری بەکارهێنانەکانی زەویە"

ئامادەکراوە لەلایەن ئەندازیاری تەلارسازی

**حویز سعدی عبداللّە**

**ژ.پ / ٣٥٧٨**

**شوێنی کار : سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە**

پێشکەش کراوە بە یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان وەك بەشێك لەپێداویستیەکانی

گۆڕینی پلەی ئەندازیاری لە ❁ ڕێپێدراو ❁ بۆ ❁ ڕاوێژکار ❁

**پێکهاتەی توێژینەوەکە :**

١- **پێشەکی**

٢- **کێشەی توێژینەوەکە**

٣- **ئامانجی توێژینەوەکە**

٤- **پێناسەی نەخشەی بنەڕەتی**

٥- **کورتە باسێکی شاری ڕانیە**

٦- **مێژووی نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە**

٧- **بەکارهێنانەکانی زەوی (Land Use)ی نەخشەی بنەڕەتی ساڵی ١٩٩٥**

٨- **ڕاسپاردەکان**

٩- **سەرچاوەکان**

## ١-      پێشەکی :

یەکێك لە پێداویستیە بنچینەیەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنی هەر شارێك نەخشەی بنەڕەتیە، کە ئەویش بریتیە لە دیاریکردن و ڕێکخستنی دابەشبونی شوێنە پێویستەکانی بەکارهێنانی زەوی (Land use)ی هەر شارێك و ڕوونکردنەوەی سرووشت وچڕی بەکارهێنانە جیاوازەکانی وەکو (نیشتەجێی، پیشەسازی، بازرگانی، حەوانەوە، خزمەتگوزاری، گواستنەوە، گەشت و گوزار......هتد ).
نەخشەی بنەڕتی پێکهاتەی داهاتوی شار دیاری دەکات لەگەڵ بەکارهێنانەکانی زەوی لە داهاتودا و دابەش بوونی چالاکیەکان و چڕی دانیشتوان  لە ناوچە شارستانیەکان و تۆڕی هاتوچۆ و سیستەمی گواستنەوەی گونجاو بۆ بەیەك گەیاندنی چالاکیەکان.
نەخشەی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ ماوەی(٢٠-٢٥ ) ساڵ کە ئەمەش زۆرترین ماوەیە بۆ نەخشەکێش کە بۆچوونەکانی خۆی ڕوون بکاتەوە بۆ بەرەو پێش چونی داهاتوی هەر شارێك .
لەماوەی (٥-١٠) ساڵ جارێك پێداچوونەوە بە نەخشەی بنەڕەتیدا دەکرێت کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە نەخشەی بنەڕتی لە چەند قۆناغێکدا جێبەجێ دەکرێت. ئەم پێداچونەوانەش ئەنجامێکی سروشتی کرداری پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیای خێرایە لە سەرجەم بوارەکانی زانستدا، کە دەبێتە هۆی ڕوودانی چەندین گۆڕانکاری نوێ لە ژیانی  کۆمەڵگای شارەکاندا.
هەروەها پێداچوونەوە بە نەخشەی بنەڕەتیدا ئەنجام دەدرێت بەهۆی گۆڕانکاری لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و دابین کردنی پێداویستیە نوێ کانیان .

## ٢- کێشەی توێژینەوەکە:-

نەبوونی نەخشەیەکی بنەڕەتی نوێی بە توانا و گشتگیر بۆ شاری رانیە کە تیادا پێداویستیەکانی شارەکە دیاری کرابێت لە جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی(Land use) بۆ کاتی ئێستا و داهاتوو لەسەر بنەمایەکی زانستی و سەردەمیانە و پشت بەستوو بە لیکۆڵینەوە و ڕووپێوکردن .

## ٣- ئامانجی توێژینەوەکە :-

دیاریکردنی ئەو کەم و کورتیانەیە کە لە نەخشە بنەڕەتیە کۆنەکەی ساڵی(١٩٩٥)ی رانیەدا هەیە و لەبەرچاوگرتنیان لە کاتی فراوانکردن و دانانی نەخشەی نوێی رانیە لە داهاتووودا .

## ٤- پێناسەی نەخشەی بنەڕەتی :

چەندین پێناسەی جیاواز بۆنەخشەی بنەڕەتی کراوە لەلایەن توێژەرەکانی بواری نەخشەدانان وتەلارسازی :

- (کاتانیس) وا پێناسەی دەکات(بریتیە لەنەخشەیەکی گشتگیر کە کاری سەرەکی ئاراستەکردنی گەشەی شارە لەڕووی ئاوەدانیەوە بۆ ماوەی(٢٠-٣٠) ساڵی داهاتوو بۆ ئەم مەبەستەش هەڵدەستی بە ڕێکخستنی گۆڕانگاریەکۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری و سرووشتیەکان لە شاردا و ئاراستەکردنیان بۆ زیادکردنی تواناکان)، بۆیە پێویستە نەخشەی بنەڕەتی چەند ئامانجێك بۆ ئایندە دیاری بکات و هەروەها چۆنیەتی گەیشتن بەو ئامانجانەش دیاری بکات .
- بە واتایەکی تر نەخشەی بنەڕەتی بریتیە لەبەرنامەی کارو پلانی گەشەکردنی شار لە ڕێگەی بەدیهێنانی چەند ئامانجێك کە پلاندانەر دایدەنێت بە ڕازیبوونی لایەنە پەیوەندی دارەکان بۆئەوەی ببێتە یاسایەك و جێبەجێ بکرێت .
- نەخشەی بنەڕەتی پێکهاتەی ئاوەدانی شار لەخۆ دەگرێت لەگەڵ دیاریکردنی ئامانجە دوور و نزیکەکانی گەشەکردن و گۆڕانکاریەکان لە دوارۆژدا لەگەڵ چەندین ڕاسپاردەی تایبەت بەبەکارهێنانەکانی زەوی(Land use) .
- نەخشەی بنەڕتی بریتیە لە بەڵگەنامەیەکی سەرەکی بۆ بنیاتنانی شار کە لەسەر بنەماکانی ئەو نەخشەیە بیناکردن و نەخشەکێشان و دیزاین و بەرەوپێش چونی شار ئەنجام دەدەرێت .
- نەخشەی بنەڕەتی بریتیە لە ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی گەشەکردنی پێکهاتەکانی شارەکە و دەستەبەرکردنی گەشەیەکی دروست بۆ شارەکە .
- نەخشەی بنەڕەتی بریتیە لەدەرئەنجامی چەندین لێکۆڵینەوە وتوێژینەوەی مەیدانی وتیۆری پێویست بۆدیاری کردنی پێداویستیەکانی شار لەزەوی بەگشتی .

## ٤-١ / تایبەتمەندیەکانی نەخشەی بنەڕەتی:-

بۆ سەرکەوتنی هەر نەخشەیەکی بنەڕتی پێویستە لانی کەم ئەم تایبەتمەندیانەی هەبێت :-

١- گشتگیری.

٢- لە خۆگرتنی ئەو کێشانەی کە دێنەڕێ لە کاتی جێبەجێکردنی نەخشەکە و چارەسەرکردنیان.

٣- بابەتیانە بێت بۆ جێبەجێکردن، واتە توانای جێ بەجێکردنی هەبێت .

٤- پشتگیری یاسایی هەبێت لە کاتی جێبەجێ کردندا .

٥- پشتگیری و توانای ماددی هەبێت .

٦- بەشداری پێکردنی هاولاٌتیان لە کردارەکانی نەخشەکێشاندا لە هەمووقۆناغەکاندا و بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ و ئاگادارکردنەوەیان لە گرنگی ئەو بابەتە .

## ٤-٢ / قۆناغەکانی دانانی نەخشەی بنەڕتی :-

دانانی نەخشەی بنەڕتی بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات کە گرنگترینیان ئەمانەن :-

١- قۆناغی ئامادەکاری :-

بریتیە لە قۆناغی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕووپێوکردنەکان و کۆکردنەوەی زانیاریەکان و پۆلێنکردنی بەکارهێنانەکانی زەوی لە کاتی ئێستادا و خاوەنداریەتی زەویەکان و لێکۆلێنەوە لە شوێنی شارەکەو ڕێکخستن و تۆمارکردن و پاراستنی زانیاریەکان .

٢- شیکردنەوەی زانیاریەکان :-

بریتیە لە شیکردنەوەی چەندایەتی و ئاراستەکانی بەکارهێنانەکانی زەوی لە کاتی ئێستادا و پێداویستیەکانی داهاتوو لە زەوی و دیاری کردنی ئامانجە سەرەکیەکانی دیزاینەکە و دیاریکردنی کێشەکان .

٣- ئامادەکردنی دیزاینەکە:-

دیاری کردنی پێکهاتەی گشتی شارەکە، ئەویش بە دابەشکردنێکی سەرەتایی بۆ فراوان بوونی شارەکە و ئاراستەکانی فراوانکردنەکە، هەروەها لەم قۆناغەدا پێشنیارە سەرەتاییەکان دیاری دەکرێن بۆ گفتوگۆکردن لەسەریان و هەڵبژاردنی گونجاوترین دیزاین .

٤- بلاٌوکردنەوەی دیزاینەکە بۆ گفتوگۆ :-

بۆ ماوەی(٩٠ڕۆژ) دیزاینەکە بلاٌو دەکرێتەوە بۆ گفتوگۆی بەرپرسانی شارەکە و ڕێکخستنی کۆبونەوەیەکی گشتی و پێشکەش کردنی پێشنیار و ڕەخنەکان و گۆڕانکاریەکان.

٥- پەسندكردنی دیزاینەكە :-
بریتیە لەئامادەكردنی نەخشەبنەڕەتیەكەو پەسندكردنی ودانانی پلانێك بۆجێبەجێكردنی.
٦- قۆناغی جێبەجێكردن :-
بریتیە لە دانان و جێبەجێكردنی نەخشەی وردكاری و دیزاینی نەخشە كەرتیەكان و تۆڕی ڕێگاوبان و گواستنەوە و تۆماركردنی گۆڕانكاریەكان لەسەر زەوی .

## ٥- كورتە باسێكی شاری ڕانیە

### ٥-١ / شوێن و سنوری شاری ڕانیە :-

شاری رانیە دەكەوێتە باشوری كوردستان و باكوری ڕۆژهەلاتی عێراق و سەر بە پارێزگای سلێمانیە، لە نێوان هێڵی درێژی ٥٣ و ٥ ٤٤ ڕۆژهەلات. و هیڵی پانی ١٧ و ٥ ٣٦ باكور.
شاری رانیە ٥٨٠م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە چیای كێوەڕش دەكەوێتە لای باكوری شارەكە و دەریاچەی دوكان و شاخی ئاسۆس دەكەونە لای ڕۆژهەلاتیەوە چیاكانی حاجیلە و ماكۆك دەكەونە باشوری ڕۆژئاوایەوە.
شارۆچكەی چوارقوڕنە دەكەوێتە باشوریەوە كە چیایەكی بچوك لێكییان جیادەكاتەوە كە ئەویش(**كلكەی كۆڵینە**).

### ٥-٢ / ئاووهەوای شاری رانیە :-

ئاو و هەوای ڕانیە چوار وەرزیە لە ژێركاریگەری ئاو و هەوای دەریای سپی ناوەڕاستدایە، هاوینان گەرم ووشكە لە زستاندا سارد و باراناویە، كە ڕاددەی باران بارین دەگاتە ٩٠٠ -١٠٥٠ ملم لە ساڵێكدا .

### ٥-٣ / شوێنە گرنگەكانی ڕانیە :-

١- سەرچاوەی ئاوی قولە :
دەكەوێتە ناوەندی شار و ڕانیەی پێدەناسرێتەوە و یەكێكە لە هۆكارەكانی دروست بوونی شاری رانیە لەو جێگایەدا كە لەسەرەتای دروستبوونی رانیەوە تاكو ئێستاش سوود لە ئاوەكەی وەرگیراوە بۆ مەبەستی خواردنەوە و كشتوكاڵكردن .
٢- قەلاتی ڕانیە :-
شوێنەوارێكی مێژووییە وگەڕەكی قەلاتی لەسەر دروستكراوە و بنچینەی درووست بوونی شاری رانیەیە و شارەكە لەوشوێنەوە دەستی بەدروست بوون كردووە.

٣- چیای کێوەڕەش :-

شاری ڕانیە دەکەوێتە دامێنێ چیای کێوەڕش  کە چەند مەترێك لە گەڕەکە نیشتەجێکانی ڕانیەوە دوورە.

٤- دارستانی ڕانیە :-

بریتیە لە ڕووبەرێکی فراوانی داری سنەوبەر دەکەوێتە لای ڕۆژهەڵاتی رانیە و سەرێگای گشتی رانیە – قەڵادزە لە بناری چیای کێوەڕەش. کە ڕووبەرەکە نزیکەی ٦٥٠ دۆنم زەویە و بریتیە لە شوێنێکی گەشتیاری بۆ دانیشتوانی ناوچەکە بە تایبەتی لە وەرزی بەهاردا.

## ٥-٤ / بەشێك لەمێژووی شاری رانیە :-

ناوەندی شاری رانیە لە کۆندا گوندێکی بچووك بووە کەوتۆتە سەرقەڵاتێك کە ئەو قەلاتە لە ئێستادا کەوتۆتە ناوەڕاستی شاری رانیە و بووە بەگەڕەکێکی شارەکە.

مێژووی ئەو گەڕەکە(قەلاَت) دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠٠ساڵ پێش ئێستا  کە لە نزیك سەرچاوەی ئاوی قولە و کوێرەکانی و کانی مەلا سلیمان دروستکراوە .

لە نزیك شاری رانیە گوندی(سەیداوا) هەیە کە ئێستا بۆتە گەڕەکێك لەشاری ڕانیە و سەردەمانی کۆنیش ئاوەدان بووە و خاوەنی شارستانی خۆی بووە.

هەروەها گوندی(بۆسکین) کە لە نزیك گەڕەکی سەیداوایە یەکێکە لە گوندە شوێنەواریەکان، لە ناوەڕاستی گوندەکە گردێك هەیە کە بە پێی پشکنینەکان چەندین سەردەمی کۆنی مێژوویی  لێ دۆزراوەتەوە.

رانیە لە ناوەڕاستی سەدەی(١٧) سەر بە میرنیشینی بابان بووە دواتر کەوتۆتە ژێر حوکم ڕانی(پاشا کۆرەی ڕواندز) میر محمدی سۆران دواتر کەوتۆتە ژێردەسەڵاتی عوسمانیەکان  لەسەردەمی (سلطان عبدالحمیدی عوسمانی).

ئەم شارە لەساڵی ١٨٧٩ کراوەتە قەزا، لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم قەزایەك بووە سەر بە ویلایەتی(شارەزوور) کە مەڵبەندەکەی مەرکەزی(کەرکوك) بووە دواتر خراوەتە سەر پارێزگای(هەولێر) و لەساڵی ١٩٥٦ خراوەتە سەرپارێزگای(سلێمانی ).

## ٥-٥ / گەشەکردنی دانیشتوانی  شاری رانیە :-

لەسەرتا دا گەشەکردنی دانیشتوانی شاری رانیە بەشێوەیەکی سرووشتی بووە بەلاَم بەهۆی بارودۆخی ڕامیاری و ئابووری و سیاسەتی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە و بەهۆی ڕووخانی نزیکەی ٤٠٠٠ گوند و شارۆچکەی کوردستانەوە کە گوند و شارۆچکەکانی دەوربەری

ڕانیەشی گرتەوە و ڕاگواستنی دانیشتوانەکانیان بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکان ئەمانە بوونەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی رانیە بە شێوەیەکی ناسروشتی .

تا ساڵی ١٩٩١ شاری ڕانیە لە(٨) گەڕەك پێکهاتبوو و شارێکی بچوك بوو بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩١ وە ژمارەی گەڕەکەکانی بوو بە (٣٢) گەڕەك.

لە ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی(٢٠٠٠)کەس بووە وە لەساڵی ١٩٦٥ ژمارەی دانیشتوانی بووەتە(٨٣٠٠) کەس لە ئاماری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی(١٤٠٠٠)کەس بووە، لەسالی ١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانی بۆتە(٢٨٠٠٠)کەس، لەساڵی ١٩٩٥ ژمارەی دانیشتوانی بۆتە(٥٥٠٠٠) کەس لە ساڵی ٢٠٠٩ ژمارەی دانیشتوانی بۆتە(٧٥٠٠٠) کەس، لە ساڵی ٢٠١٢ ژمارەی دانیشتوانی بۆتە(١١٥٠٠٠) کەس .

یەکەم وێنەی ئاسمانی شاری ڕانیە :



## ٦-مێژووی نەخشەی بنەڕتی شاری رانیە :-

لە سەرتادا ڕانیە پێکهاتبوو لە چەند گەڕەکێکی بچوك کە پێکهاتبوون لە گەڕەکەکانی(قەلات، ڕەشەمێرگ، گلنجان، قولە، سەرا) ئەم گەڕەکانەش بە شێوەیەکی هەرەمەکی و بەبێ بوونی هیچ نەخشەیەکی ئەندازیاری دروستکراون.

لە سالی ١٩٧٧ نەخشەیەکی وردکاری کێشراوە بۆ کۆمەلگای زۆرەملی ی ڕانیە کە ئێستا گەڕەکی ڕاپەرینە.

دواتر لە سەرتای هەشتاکانی سەدەی بیستدا نەخشەی وردکاری کێشراوە بۆ چەند ناوچەیەکی نیشتەجێ بەبێ بوونی هیچ نەخشەیەکی بنەڕتی ئەو زەویانەش کە ئەو نەخشەیان بۆ کێشرابوو درێژکراوەی گەڕەکە کۆنەکان بوو کە لەسەرەوە باسکران، گەرەکە نوێکانیش بریتی بوون لە (ئازادی، مامۆستایان، کێوەڕەش) .

لەسالی ١٩٩٥ لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ یەکەم جار نەخشەی بنەڕەتی بۆ ڕانیە دانرا، ئەو نەخشەیەش پێکهاتبوو لەگەڕەکەکۆنەکان و فراوانکردنی شارەکە لەسەر شێوەی نەخشەیەکی نیمچە بازنەیی بە ڕووبەری(٨،٢٧کم٢)

ئەم نەخشەیەش بە یەکەم نەخشە دادەنرێت کە بەکارهێنانەکانی زەوی(Land use)ی تێدا دیاری کرابێت لە جۆرەکانی(نیشتەجێ، نیشتەجێ ی ستونی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری گشتی، گەشت وگوزار، سەوزایی و ناوچەی کراوە، تۆڕی ڕێگاوبان).

بەلام دانانی ئەو نەخشەیە بەپێی ئەو قۆناغانە نەبوو کە نەخشەی بنەڕەتی پیایدا تێپەڕدەبێت. وەك لە پێشەوە باسمان کرد بەتایبەتی قۆناغی ئامادەکاری و قۆناغی شیکردنەوەی زانیاریەکان وەکو ڕووپێوکردنێکی ورد بۆ بارودۆخی شارەکە و دانیشتوانەکەی و شوێنی شارەکە و بەرزی و نزمی (تۆپۆگرافی) شوێنی فراوانکردنەکە و پێشبینی کردنی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان بۆ سالی ئامانجی نەخشەکە کە ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی شارەوانی لە ماوەی(١١)سالدا (٣جار) نەخشەکە فروان بکات.

بەجۆرێك لە دوا فراوانبوونی نەخشەکەدا لەسالی ٢٠٠٦ ڕووبەرەکەی بووبە ١٥،٦٥کم٢ کە ئەمەش نزیکەی دوو ئەوەندەی ڕووبەری نەخشە کۆنەکەیە وەك لەم خشتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :-

**خشتەی ژمارەی (١) : ڕێژەی سەدی فراوانکردنەکانی نەخشەی بنەڕەتی**

| ڕێژەی فراوانکردن بەپێ ی نەخشەی ساڵی ١٩٩٥ | ڕووبەر / کم٢ | نەخشەی بنەڕتی |
|---|---|---|
| — | ٨.٢٧ | نەخشەی بنەڕتی ساڵی ١٩٩٥ |
| ٪٤٥ | ١٢.٠٣ | فراوانکردنی ساڵی ٢٠٠٢ |
| ٪٤٩ | ١٢.٣١ | فراوانکردنی ساڵی ٢٠٠٤ |
| ٪٨٩ | ١٥,٦٥ | فراوانکردنی ساڵی ٢٠٠٦ |

ئەم فراوانکردنانەی نەخشەی بنەڕەتی بە پێی پێویستی شارەکە بووە بۆ جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە کاتی فراوانکردنەکەدا کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی کەبەپێ ی ستانداردی نەخشەدانانی ئاوەدانی وتەلارسازی جێگیرکراون هاوسەنگیەکەی لەدەست بدات ، بۆنمونە کاتێك زەوی بۆ نیشتەجێ زیاددەکرێت لەهەمانکاتدا بەکارهێنانەکانی تری زەوی بەپێی ڕێژە و ڕووبەری خۆیان زیاد ناکرێن کە ئەمەش لە فراوانکردنەکانی نەخشەی بنەڕەتی ڕانیەدا دەردەکەوێت هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٢) دا ڕوونکراوەتەوە :

## خشتەی ژمارە ( ٢ )

### ڕێژەی سەدی فراوانکردنی بەکارهێنانەکانی زەوی بەپێی نەخشەی بنەڕەتی ساڵی ١٩٩٥ :

| جۆری بەکارهێنان | نەخشەی بنەڕەتی ساڵی ١٩٩٥ | | فراوانکردنی ساڵی ٢٠٠٢ | | فراوانکردنی ساڵی ٢٠٠٤ | | فراوانکردنی ساڵی ٢٠٠٦ | | کۆی ڕووبەرە زیادکراوەکە کم٢ | کۆی ڕێژەی ڕووبەرە زیادکراوەکە ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر کم٢ | ڕێژەی ڕووبەرکە ٪ | ڕووبەری زیادکراو کم٢ | ڕێژەی ڕووبەرە زیاد کراوەکە ٪ | ڕووبەری زیادکراو کم٢ | ڕێژەی ڕووبەرە زیاد کراوەکە ٪ | ڕووبەری زیادکراو کم٢ | ڕێژەی ڕووبەرە زیادکراوەکە ٪ | | |
| نیشتەجێ | ٤.٥٩ | ٥٥.٥ | ٢,١٧ | ٤٧,٢٧ | ٠,٤٣٥ | ٩,٤٨ | ١,٤٦ | ٣١,٨ | ٤,٠٦٥ | ٨٨,٥٦ |
| نیشتەجێی ستوونی | ٠,١٤٦ | ١.٧٦ | - | - | - | - | - | - | - | - |
| بازرگانی | ٠,٠٩٣ | ١,١٣ | - | - | - | - | - | - | - | - |
| پیشەسازی | ٠,١٩٦ | ٢,٣٧ | ٠,٤١ | ٢٠٩ | - | - | - | - | ٠,٤١ | ٢٠٩ |
| گەشت و گوزار | ٠,٣٦ | ٤,٣٥ | - | - | - | - | - | - | - | - |
| سەوزایی | ٠,٣٦ | ٤,٣٥ | -٠,٠٦ | -١٦,٦ | - | - | - | - | -٠,٠٦ | -١٦,٦ |
| خزمەتگوزاری | ٠,١ | ١,٢٣ | ٠,٣٥ | ٣٥٠ | - | - | ٠,٢٦٧ | ٢٦٧ | ٠,٦١٧ | ٦١٧ |
| بینای گشتی | ٠,١٥ | ١,٨١ | ٠,١٩ | ١٢٧ | - | - | - | - | ٠,١٩ | ١٢٧ |
| ڕێگای گشتی | ١,٤ | ١٧ | ٠,٥٧ | ٤٠,٧ | ٠,٠٧٥ | ٥,٣٥ | ٠,٤١٤ | ٢٩,٥٧ | ١,٠٥٩ | ٧٥,٦٢ |
| زانکۆ | - | - | - | - | - | - | ١,١٢٥ | - | ١,١٢٥ | - |
| بەکارهێنانی تر | ٠,٨٧٥ | ١٠,٥١ | - | - | - | - | - | - | | |
| کۆی گشتی | ٨,٢٧ | ١٠٠ | ٣,٦٣ | - | ٠,٥١ | - | ٣,٢٦ | - | ٧,٤٠٦ | |



Rania Master Plan 1995



Rania Master Plan 2002



Rania Master Plan 2004



Rania Master Plan 2006






## ٦-١ شێوەی نەخشەکە :-

شێوەی نەخشەکە برتیە لە شێوەیەکی نیمچە بازنەیی وە لەبەر ئەوەی رانیە شوێنەکەی دەشتایی یە و سێ لای بەچیاکانی کێوەڕەش و حاجیلە و کۆڵێن دەورەدراوە کە ئەمانەش رۆڵی  کاریگەریان دەبێت لەسەر شێوەی نەخشەکە و ئاراستەی هێڵەکانی هاتوچۆ، بەلاَم ئەم تایبەتمەندیانە لەبەر چاونەگیراون لە کاتی دانانی نەخشەکە، وە کاتێك نەخشەکە فراوانکرا لەسالی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٦ دا فراوانکردنەکان بە شێوەی  نیوە بازنەیی بوون لەبەر بوونی چیای کێوەڕەش لەلای باکوری شارەکەوە نەتواندرا بازنەی تەواو بەدەوری بازنە کۆنەکەدا کە شەقامی(٦٠م)ە بکێشرێت .

## ٦-٢ سنوری نەخشەکە :-

چەندگوندێك دەکەونە سەر سنووری نەخشەکە کە ئەوانیش بریتین لە گوندەکانی(کونەسێ، تیتۆکە، هەنجیرە، سەیداوا، بۆسکێن ) کە نەخراونەتە ناو نەخشەکەوە و نەخشەی وردکاریان بۆ نەکێشراوە کە ئێستا ئەو گوندانە بریتین لە پێنج گەڕەکی ڕانیە و تێکەڵی پێکهاتەی شارستانی ئەو شارە بوون گەورەترین کێشە کە ئێستا ڕووبەڕووی شارەوانی دەبێتەوە لە ڕووی نەخشەی بنەڕەتیەوە بریتیە لە دیاردەی دروستکردنی خانو و بینای بازرگانی و باخ و بەنزینخانە بەشێوەی هەڕەمەکی  لەسنوری ئەو گوندانە کە ئەمەش لە کاتی فراوانکردن و دانانی نەخشەی بنەڕەتی نوێ ی ڕانیەدا کێشەی زۆر دروستدەکات.




**نەخشەی بنەرەتی ڕانیە سالی ١٩٩٥**

## ٧ بەكارهێنانەكانی زەوی(Land Use)ی نەخشەی بنەڕەتی ساڵی ١٩٩٥:-

### ١- ناوچەی نیشتەجێ:-

لە هەر نەخشەیەكی بنەڕەتیدا ناوچەی نیشتەجێ زۆرترین و گرنگترین بەشی نەخشەكە پێكدێنێت، دوای ئەوەی كە ئامارێكی وورد بۆ دانیشتوانی شارەكە ئەنجام دەدرێت و پشت بەستن بە ئامارە كۆنە یەك لە دوای یەكەكانی ژمارەی دانیشتوان ڕێژەی گەشەكردنی دانیشتوان بۆ هەر ساڵێك لە كاتی ئاساییدا دیاریدەكرێت دواتر كۆی ژمارەی دانیشتوان بۆ ئەو ماوەیەی كە نەخشەكەی بۆ دادەنرێت دیاریدەكرێت و بەپێی ستانداردی نیشتەجێبوون كە بۆ هەر تاكە كەسێك ڕووبەری( ٤٥م٢ – ٧٠م٢ ) دیاریكراوە ڕووبەری ناوچەی نیشتەجێ لە نەخشەكەدا دیاری دەكرێت بەلاَم لە نەخشەی بنەڕەتی ڕانیەدا پێشبینی بۆ پێویستی زەوی نیشتەجێ كە ڕووبەرەكەی بگونجێت لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بۆ ئەو ساڵەی كە نەخشەكەی بۆ دانراوە پێشبینیەكی ڕاست دەرنەچوو ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی شارەوانی لە ماوەی(١١) ساڵدا سێ جار نەخشەكە فراوان بكات.

### ٢- ناوچەی باڵەخانەی نیشتەجێ :-

لەو شارانەی كە زەوی دەوروبەریان زەوی كشتوكاڵیە لە كاتی دانانی نەخشەی بنەڕەتیدا گرنگی دەدرێت بە دانانی زەوی بۆ باڵەخانەی نیشتەجێ و ڕووبەرێكی گونجاوی بۆ تەرخان دەكرێت لە نەخشەكەدا بۆ ئەوەی زەویە كشتوكاڵیەكان تا بكرێت كەمتر بخرێتە سەر نەخشە بنەڕەتی یەكە بەو پێیەش كە ڕانیە دەكەوێتە دەشتی بیتوێن و زەویەكانی هەر چوار لای جگە لە لای باكوری كە چیای كێوەڕەشە زەوی كشتوكاڵین دەبوایە زیاتر زەوی بۆ باڵەخانەی نیشتەجێ تەرخان بكرێت هەرچەندە لە نەخشەكەدا ناوچەیەك بۆ ئەو مەبەستە دیاری كراوە بەلاَم بە بەراورد لەگەڵ زۆربونی ژمارەی دانیشتوان ڕووبەرێكی كەمە و هیچ پرۆژەیەكی نیشتەجێبوونی ستوونی تیادا ئەنجام نەدراوە.

### ٣- ناوچەیی بازرگانی :-

لە هەرشارێكدا هەرچەندە قەبارەشی بچوك بێت ناوچەیەك هەیە بۆ بازرگانی كردن و دابین كردنی پێداویستی هاولاَتیان ڕووبەری ئەم ناوچەیەش بە پێچەوانەی ناوچەی نیشتەجێ تا شارەكە گەورەتربێت ئەو ناوچەیەش گەورەتر دەبێت .

لە نەخشەی بنەڕەتی ڕانیەدا ناوچەی ناوەندی شار كە زیاتر مۆركی بازرگانی پێوەدیارە كراوەتە ناوچەی بازرگانی بەلاَم هیچ شەقامێكی سەرەكی وەك تەوەری بازرگانی دیاری نەكراوە كەزۆربەی ئەو زەویانەی دەكەونە ئەم بەر و ئەو بەری ئەو شەقامانە خواستی بەكارهێنانی بازرگانیان لەسەرە .

٤- **ناوەندەکەرتیەکان ( خزمەتگوزاری )**:-

بۆ خزمەتکردنی ناوچە نیشتەجێکان بە پێ ی ڕووبەری ئەو ناوچانە و ژمارەی نیشتەجێ بوان زەوی تایبەت تەرخاندەکرێت بۆ ناوەندە کەرتیەکان بۆ دروستکردنی بنکەی تەندروستی و بنکەی پۆلیس و فەرمانگە خزمەتگوزایەکانی تر و بازاڕی بچوك بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەی هاولأتیان .

بەلأم لە نەخشەی بنەڕتی ڕانیەدا ئەو ناوچانە زۆر کەمن و بە یەکسانیش دابەش نەکراون بەسەر ناوچە نیشتەجێکاندا.

٥- **ناوچەی شارستانی ( بینای گشتی )**:

لە دانانی نەخشەی بنەڕەتی هەر شارێك ناوەندێك یان ناوچەیەکی شارستانی دادەنرێت و ڕووبەرێك بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکرێت بە پێی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە کە بینای فەرمانگە و دەزگاکانی میری تێدا دروست دەکرێت بۆ خزمەتی دانیشتوانی شارەکە، بەلأم لە نەخشەی بنەڕەتی ڕانیەدا ئەو ناوچەیە ڕووبەرەکەی زۆرکەمە و لە چەند شوێنێکی شارەکەشدا جێگیرکراون بۆیە هەر فەرمانگە و دەزگایەك لە ناوچەیەکی جیای شارەکەدا دروستکراوە و درووست دەکرێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی درووست بوونی گرفتی هاتوچۆ بۆ هاولأتیان و تەرخانکردنی کاتی زیاتر بۆ ئیش و کارەکانیان .

٦- **ناوچەی پیشەسازی** :-

کاری پیشەسازی کارێکی شارستانی پێویستە، هەندێك لە توێژەران پێیان وایە کە پیشەسازی بۆتە هۆی گەشەکردنی شارەکان و دروست بوونی هەندێکیان هەرچەندە شاریش گەورەبێت ڕووبەری ناوچەی پیشەسازی فراوانتر دەبێت، کاری پیشەسازی کارێکی ئالۆزە لە ڕووی جۆر و دابەشبوونی بەسەر ناوچەکانی شاردا کە هەندێك جار لەگەڵ بەکارهێنانی تردا تێکەڵ دەبێت وبەئاسانی لێك جیاناکرێتەوە. وە جۆرەکانی پیشەسازی دابەش دەکرێن بەپێی(وەبەرهێن و بەکارهێن ) یان (بنچینەیی و لاوەکی) یان (قورس و سووك)یان (کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی و کەرتی تێکەلأو) یان لە ڕووی ژینگەوە بە(پاك وپیس) ناو دەبرێت. لە نەخشەی بنەڕەتی ڕانیەدا ناوچەیەك تەرخانکراوە بۆ پیشەسازی بەلأم لەسەر هیچ بنەمایەکی جۆرەکانی پیشەسازی دابەش بوونی بۆنەکراوە .

### ٧- ناوچەی زانکۆ وپە یمانگا :-

لەبەرئەوەی کە ڕانیە دەکەوێتە ناوەندی چەند ناوچەیەکی فراوانەوە وەك پشدەر و بیتوێن و خۆشناوەتی و دوکان و بەری مەرگە و هەروەها دوری شارەکە لە هەولێر و سلێمانی و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بۆیە ڕانیە شوێنێکی گونجاوە بۆ دامەزراندنی زانکۆیەك لە شارەکەدا بەلاَم لە نەخشەی بنەڕەتیدا هیچ ناوچەیەك بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکراوە، کە ئەمەش وایکرد شارەوانی لە فراوانکردنی ساڵی ٢٠٠٦دا ناوچەیەك زیاد بکات بۆ شوێنی زانکۆی ڕاپەڕین.

### ٨- ناوچەی گەشتوگوزار :-

لە نەخشەکەدا ناوچەیەك داندراوە بۆ گەشت وگوزار کە ئەویش دەکەوێتە دامێنی سەرچاوەی ئاوی قولەوە بەدرێژایی ڕێڕەوی ئاوەکە درێژبۆتەوە ئەو ناوچەیەش بریتیە لە ناوچەیەکی کشتوکاڵی بەراو هەروەها گەڕەکی قەلاَت کە گەڕەکێکی کۆن و مێژووییە بەلاَم هیچ پڕۆژەیەکی گەشت و گوزاری لێ درووست نەکراوە شارەوانی لە فراوانکردنی نەخشەکەدا لە ساڵی ٢٠٠٤ زیاتر لە نیوەی ڕووبەرەکەی گۆڕی بە ناوچەی نیشتەجێ.

### ٩- ناوچەی کراوەو پشودان :-

لەگەڵ گەورەبوونی شاردا گرنگی ناوچەی پشودان و حەوانەوە دەردەکەوێت کە بۆ پشودانی هاولاَتیان و دوورکەوتنەوەیان لە جەنجاڵی شار سوودی لێ وەردەگیرێت و چەند چالاکیەکی تێدا ئەنجام دەدرێت وەکو پارك و شاری یاری و سینەما و شانۆ و باخچەی ئاژەلاَن و گازینۆ و مۆزەخانە و پێشەنگای فۆلکلۆری و چەند چالاکیەکی تری جۆراوجۆری(هونەری و وەرزشی و پشودان) پێشنیاری نەخشەکێشان ئەوەیە کە ڕووبەرەکەی ١٠٪ی ڕووبەری نەخشە بنەڕەتیەکە کەمتر نەبێت و تا ڕووبەری شاریش فراوانتربێت ڕووبەری ناوچەی کراوە زیاد دەکات لەنەخشەی بنەڕەتی ڕانیەدا هیچ ڕووبەرێکی زەوی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکراوە.

### ١٠- ناوچەی سەوزایی ودارستان :-

بوونی ناوچەی سەوزایی و دارستان زۆرگرنگە بۆ نەهێشتنی پیسبوونی ژینگە و پێدانی سیمایەكی جوان بە شارەكان، ئەو ڕووبەرەی كە پێویستە تەرخان بكرێت بۆ ناوچەی سەوزایی بریتیە لە( ١٠ م٢ – ٢٠م٢ ) بۆ هەر تاكە كەسێك.

لە نەخشەكەدا چەند ڕووبەرێكی سەوزایی دیاری كراوە بەلام ئەو ڕووبەرانە زۆر كەمن بە بەراورد لەگەڵ ستانداری تەلارسازی و نەخشەدانانی ئاوەدانی كە كەمترە (٥٪)ی ڕووبەری نەخشەكە. وە دارستانی ڕانیە كە دەكەوێتە بناری چیای كێوەڕەش و لای ڕۆژهەلاتی شارەكە هیچ ئاماژەیەكی پێنەكراوە و نەخراوەتە سنوری نەخشەكەوە بۆ ئەوەی وەكو ناوچەی سەوزایی جێگیر بكرێت و هیچ پرۆژەیەكی تیادا ئەنجام نەدرێت.

لە فراوانكردنی ساڵی ٢٠٠٢ دا ڕێژەی ١٦٪ ڕووبەری ناوچەی سەوزایی كەمكرایەوە و گۆڕدرا بۆ نیشتەجێ.

### ١١- یاریگای نێودەوڵەتی :-

لە نەخشەكەدا ڕووبەرێك تەرخانكراوە بۆ یاریگا بەلام شوێنەكەی گونجاو نیە بۆ ئەو مەبەستە چ لە ڕووی هەڵكەوتەی شوێنەكەی لە شارەكەدا كە دەكەوێتە ناوەندی شار و نزیكە لە گەڕەكە نیشتەجێكانەوە و چ لەڕووی تۆبۆگرافیەوە كە لێژایی زەویەكە گونجاو نیە بۆ یاریگا وە كاتێك پرۆژەی یاریگاكە جێبەجێ كرا كێشەی زۆری تێكەوت وەك بڕین و پڕكردنەوەیەكی زۆری گڵ بۆ ڕاستكردنەوەی زەوی یاریگاكە لەگەڵ دروستكردنی دیواری ڕاگر كە بڕەكەی نزیكەی ٤٠٠٠م٣ دیواری بەرد بوو بە بەرزی زیاتر لە ٦ م.

### ١٢-تۆڕی ڕێگاوبان :-

تۆڕی ڕێگاوبان بەشێكی گرنگی نەخشەی بنەڕەتی هەر شارێكە كە پەیوەندی هەیە بە چالاكی ڕۆژانە و جموجۆڵی هاولاتیان لە شارەكەدا زۆربەی زۆری شەقامەكانی شارەگەورەكان ڕۆژانە تووشی كێشەی جەنجاڵی و خنكانی هاتوچۆ دەبنەوە .

ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دانیشتوانی ئەو شارانە نەتوانن بە ئاسانی بگەنە شوێنی كارو خوێندن و پشودان و شوێنە خزمەتگوزاریەكانی تری وەكو نەخۆشخانە و فەرمانگەكانی تر جەنجاڵیش تەنها كێشە نیە كە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە بەڵكو ڕووداوەكانی پیس بوونی ژینگەش بریتین لەو گرفتانەی كە بەهۆی هۆكاری گواستنەوە دروست دەبن كە لە ٨٠٪ی ژاوەژاوی شار و ٦٠٪ ی پیس بوونی هەواكەی بەهۆی ئەو هۆكارانەی گواستنەوەوە دروست دەبن.

جۆری هێڵەکانی هاتوچۆی هەر شارێك پەیوەندی بە بەرزی و نزمی و کەش و هەوای شوێنی شارەکەوە هەیە هەروەها پەیوەندی هەیە بە جۆری هێلەکانی سەرەتای دروست بوونی شارەکە، لەبەرئەوەی ڕانیە سێ لای بەچیا دەورە دراوە کەئەمەش کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر دیاریکردنی شێوەی نەخشەکە و جۆری هێڵەکانی هاتووچۆ کە ئەمەش بە هێند وەرنەگیراوە لە کاتی دانانی دیزانی نەخشە بنەڕەتیەکە.

## جۆرەکانی تۆڕی ڕێگاوبان:-

١- جۆری چواری (شەترنجی) :-

ئەمەش بەهۆی دابەشکردنی زەوی شارەکە یان بەشێکی بەشێوەی چوارگۆشە یان لاکێشە دەبێت کە تیادا هەر شەقامێك شەقامێکی تر دەبڕێت بە گۆشەیەکی وەستا و ئەم جۆرە شەقامانەش بۆ ئەو شارانە گونجاون کە لەسەر زەویەکی دەشت دروستدەکرێن.

٢- جۆری تیشکی :-

ئەمەش بریتیە لە چەند شەقامێکی سەرەکی کە لە ناوەندی شارەوە یان لە چەند ناوەندێکی ترەوە دەردەچن بە ئاراستەی دەرەوە بە شێوەیەکی لار و ڕاستەهێڵ ئەم شەقامانەش بە چەند شەقامێکی تر بەیەکەوە دەبەسترێنەوە .

٣- جۆری بازنەیی :-

لەم جۆرەیاندا شەقامەکان بریتین لە بازنەی کێشراو بەدەوری یەکتریدا کە لە کۆتاییدا شارەکە شێوەی بازنەیی یان نیمچە بازنەیی وەردەگرێت. لە تایبەتمەندیەکانی ئەو جۆرە شەقامانە ئەوەیە کە ئاسانکاری دەکات بۆ هاتوچۆی نێوان گەڕەکەکانی شارەکە و بەستنەوەیان بەیەکەوە.

ئەم جۆرەش بۆ ئەو شارانە دەبێت کە لەسەر قەتپاڵی چیاکان یان لە لێواری دەریاو دەریاچەکان دروستدەکرێن.

٤- جۆری نارێك :-

لەم جۆرەیاندا شەقامەکان شێوەی ڕێك وەرناگرن نە لە ڕووی ئاراستە و نە لە ڕووی پانی کە زیاتر بریتین لە شەقامی تەسك و باریك و کۆلانی چەماوە ئەم جۆرەش لە شارە کۆنەکاندا یان لەگەڕەکە کۆنەکانی شارەکاندا دەردەکەوێت.

وە لە زۆربەی شارە کۆنەکاندا شەقامێك یان چەند شەقامێکی نوێی ڕاست بەو گەڕەکە کۆنانەدا تێپەڕدەکرێت و شێوەکەی لە دەست دەدات و دەبێتە شێوەیەکی لێکدراو لە دوو جۆر یان زیاتر.

هەندێك لەشارەگەورەکان چەندجۆرێك لەوجۆرانەی شەقامەکانی تێدایە ومێژووی دروستبون وگەشەکردنی شارەکە دەگێڕنەوە بەپێ ی سەردەمە مێژوویەکانی شارەکە .

## خشتەی ژمارە ( ٣ )

ڕێژەی سەدی بەکارهێنانەکانی زەوی نەخشەی بنەرەتی رانیە :

| جۆری بەکارهێنان | نەخشەی بنەڕەتی سالی ١٩٩٥ | | فراوانکردنی سالی ٢٠٠٢ | | فراوانکردنی سالی ٢٠٠٤ | | فراوانکردنی سالی ٢٠٠٦ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر کم٢ | ڕێژە ٪ | ڕووبەر کم٢ | ڕێژە ٪ | ڕووبەر کم٢ | ڕێژە ٪ | ڕووبەر کم٢ | ڕێژە ٪ |
| نیشتەجێ | ٤.٥٩ | ٥٥.٥ | ٦.٧٦ | ٥٦,١٩ | ٧.٢ | ٥٨,٤٨ | ٨.٦٦ | ٥٥,٥١ |
| نیشتەجێی ستوونی | ٠,١٤٦ | ١.٧٦ | ٠,١٤٦ | ١,٢١ | ٠,١٤٦ | ١,١٨ | ٠,١٤٦ | ٠,٩٤ |
| بازرگانی | ٠,٠٩٣ | ١,١٣ | ٠,٠٩٣ | ٠,٧٧ | ٠,٠٩٣ | ٠,٧٥ | ٠,٠٩٣ | ٠,٦ |
| پیشەسازی | ٠,١٩٦ | ٢,٣٧ | ٠,٦ | ٤,٩٨ | ٠,٦ | ٤,٨٧ | ٠,٦ | ٣,٨٥ |
| گەشت و گوزار | ٠,٣٦ | ٤,٣٥ | ٠,٣٦ | ٢,٩٩ | ٠,٣٦ | ٢,٩ | ٠,٣٦ | ٢,٣ |
| سەوزایی | ٠,٣٦ | ٤,٣٥ | ٠,٣ | ٢,٤٩ | ٠,٣ | ٢,٤٣ | ٠,٣ | ١,٩٢ |
| خزمەتگوزاری | ٠,١ | ١,٢٣ | ٠,٤٥ | ٣,٧٤ | ٠,٤٥ | ٣,٦٥ | ٠,٧٢ | ٤,٦١ |
| بینای گشتی | ٠,١٥ | ١,٨١ | ٠,٣٤ | ٢,٨٣ | ٠,٣٤ | ٢,٧٦ | ٠,٣٤ | ٢,١٨ |
| ڕێگای گشتی | ١,٤ | ١٧ | ١,٩٧ | ١٦,٣٨ | ٢,٠٥ | ١٦,٦٥ | ٢,٤٧ | ١٥,٨ |
| زانکۆ | - | - | - | - | - | - | ١,١٢٥ | ٧,٢١ |
| بەکارهێنانی تر | ٠,٨٧٥ | ١٠,٥ | ١,٠١١ | ٨,٤٢ | ٠,٧٧١ | ٦,٣٣ | ٠,٨٣٦ | ٥,٠٨ |
| کۆی گشتی | ٨,٢٧ | ١٠٠ | ١٢,٠٣ | ١٠٠ | ١٢,٣١ | ١٠٠ | ١٥,٦٥ | ١٠٠ |

## ٨ ڕاسپاردەکان :-

دانانی نەخشەیەکی بنەڕەتی بۆ ڕانیە لە نزیکترین ماوەدا لەسەر بنەمایەکی زانستی و لە لایەن پسپۆڕانی بواری نەخشەدانان و تەلارسازییەوە کە هەموو تایبەتمەندیەکانی نەخشەی بنەڕەتی لەخۆ گرتبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

١- لەبەرچاوگرتنی شوێنی جوگرافی ڕانیە و چیاکانی دەوروبەری بۆ دیاری کردنی شێوەی نەخشەکە و تۆڕی هێڵەکانی هاتوچۆ.

٢- گرنگیدان بە ناوچەی نیشتەجێی ستونی بۆ ئەوەی تا دەکرێت زەویە کشتوکاڵیەکان کەمتر بخرێنە ناو نەخشەکە .

٣- گرنگیدان بە ناوچەی سەوزایی کە ڕێژەکەی کەمتر نەبێت لە ستانداردە جیهانیەکان.

٤- فراوان کردنی نەخشەکە بە جۆرێك بێت کە گوندەکانی (سەیداوا، کونەسێ، تیتۆکە، هەنجیرە، بۆسکێن) لەخۆ بگرێت بۆ کۆنترۆڵ کردنی دیاردەی دروست کردنی هەرەمەکی و فراوان بونی بێ پلان و بێ نەخشە.

٥- دیاری کردنی شوێنی لێدانی تونێلێك لە چیای کێوەڕەش بۆ بەستنەوەی هەردوو دیوی چیاکە(بیتوێن و پشدەر) و سوود وەرگرتن لە زەویەکانی دیوی پشدەر بۆ فراوانبوونی شاری ڕانیە چونکە ئەو زەویانە بەردەڵانە و بۆ هیچ جۆرە کشتوکاڵ کردنێك ناگونجێت هەروەها لێدانی ئەو تونێلە دەبێتە ڕێڕەوێك بۆ هێنانی ئاوی خواردنەوە لە بناری چیای قەندیلەوە بۆ ڕانیە و هەروەها دەبێتە هۆی ڕزگاربوون لە مەترسیەکانی ڕێگای دەربەند کە زۆرجار داڕوخان لە چیاکەدا ڕوودەدات و دەبێتە هۆی داخستنی ڕێگای ڕانیە-قەڵادزە.

## ٩ سەرچاوەكان :-


- التصميمم الاساسى للمدينه – شروح وتعاريف ومواصفات (منتدى هندسه دوت كوم) .
- رانيه شارى دەروازەى ڕاپەڕين (نوسين وئامادەكردنى خاليد قادر محمد) ناساندنى شارى ڕانيەو دەرخستنى بەشێك لەمێژووى كۆن ونوێ ى .
- العمارة الحديثة في العراق (عقيل نوري الملا حويش) .
- جغرافية المدن (الدكتور صبري فارس الهيتي و الدكتور صالح فليح حسن).
- فەرمانگەى ئامارى ڕانيە .
- سەرۆكايەتى شارەوانى ڕانيە .